کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:32 2007-6-4

## کیشەکانی دادگای کفری پێویستی بە وەزیری دادە ... سەباح عەلی قارەمان

کفری



بەمەبەستی کارێکی تایبەتی خۆم دوێنێ سەردانی دادگای کفریم کرد کە ماوەیە هەفتەیەکە هاتونەتە ناو بینا نوێکەی دادگا کە لە سەر بوجەی حکومەتی هەرێم لە گەڵ 9 خانودا دروست کراوە بە لاَم زۆرم پێ سەیر بو نە ئاوی تیدا بو نە کارەبا بۆری ئاوەکانیشی هیچ بە لوعەیەکی پێە وە نەبو لە برادەرێك کە لە دادگاکە کاردەکات پرسیم ئەم بینایە چۆن بەبێ ئاو کارەبا وەرگیراوە ئەویش پێی وتم سەبارەت بە کارەباکە مولیدەیکیان بۆمان داناوە بەڵام گازی ئەوێت موشەغڵی ئەوەێت ئێمەش نەسرێکەمان 30 هەزار دینارە لەدوومانگ جارێك بۆمان سەرف دەکرێت کەدەکات 60 هەزار دینار 25 هەزاری لە کرێ ڕێدا سەرف دەکەین لە بەر ئەوەی لەسلێمانی وەری دەگرین. بۆیە من داوا لە بەڕێز وەزیری دادی حکومەتی هەرێم دەکەم سەردانێکی شاری کفری بکات بزانە ئەتوانێت دە دەقە خۆی ڕاگرێت لە ناو دادگاکەدا بەبێ کاربا چونکە کفری یێکێکە لە شارە گەرماوێکانی گەرمیان باشە من لە وەزیری دادیش دەپرسم ئایە دادگا چۆن دەبێت سی هەزار نەسرێی بێت کە پارەی دوو نەفەر کەبابە بەڕێز وەزیری داد وەکو هەموو لایەك دەزانین دادوەر حکوم دەردەکات یان لێکۆڵینەوە لە ڕوداوەکان دەکات ئایە بزانێت کێ تاوان بارە کێ بێ تاوانە ئەمەش پێویستی بەوەیە دادوەر یانیش بڵێین فەرمانبەر پێویستە بیری لای ئەوە نەبێت کە گەرمایتی یان ئاو نیە چونکە دادگا لە هەمو دنیادا جێگایەکی پیرۆزە لەبەر ئەوەی یاسا جێبەجێ دەکات، چۆن لیژنەی وەرگرتنی بینا نویکە ڕازی بو بە کەم و کورتیانەوە بیناکە وەربگرن بۆیە من وەکو ڕۆژنامە نوسێك دوبارە داوات لێ دەکەم سەردانی داگای شاری کفری بکەیت لە نزيك ترين کاتدا بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانیان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.